# دوو کچ لە دادگا حاشا لە باوکیان دەکەن

**کەس نییە دایك و باوکی رەت بکاتەوە، چونکە پەیوەندی مرۆڤ بە دایك و باوکییەوە پەیوەندی خوێنە، رەتکردنەوەی دایك و باوك، یان یەکێکیان بە تەنیا، مەحاڵە رووبدات مەگەر هۆیەکی زۆر کاریگەرو بەهێز هەبێت.**
**جا هۆیەکە هۆیەکی دەروونی بێ، وەك ئەوەی زەبرێکی دەروونی دروستیکردبێ، یا لە ئەنجامی ژیانێکی تاڵ و دژوارەوە بوویێت، بە هەرحاڵ بەسەرهاتی ئەمجارەمان، بەسەرهاتێکی حەقیقییەو تیایدا دوو خوشکی تازە گەنج باوکی خۆیان رەتدەکەنەوەو لە دادگادا رایدەگەیەنن کە نایانەوێ تەنانەت ناویشیان لەسەر ناوی باوکیان بێت و حاشای لێدەکەن. بەڵام بابزانین هۆی ئەو رەتکردنەوەیە چییەو دواجار مەسەلەکە بەچی دەگات.**

### باوکێکی تووڕەی هەمیشە هەڵچوو و دڵڕەق

خێزانی (مستەفا خدر)، خێزانێکی چوار کەسی بوون، (مستەفا) خۆی و ژنەکەی و هەردوو کچەکەی (حەلیم و حەمدیە).

(مستەفا) کە لە گوندێکی نزیك شار دەژیا بە کاروباری شینایی خەریکبوو، پیاوێکی تا بڵێی دەمدەمی بوو، لەوانەیە بە شتێکی زۆر بچووك تورەو هەڵبچوایە، کەسێك بوو زوو هەڵدەچوو زووش سارد دەبۆوە، هەموو جاران(ئامینە)ی ژنی (مستەفا) دەیگوت، بە خودا من نەبم کەس ناتوانێ لەگەڵ مستەفا ئیدارە بکات. (مستەفا) رۆژ بە رۆژ خراپترو توندوتیژتر هەڵسوکەوتی لەگەڵ ژن و منداڵەکانی دەکرد، (مستەفا) هەموو جارێ کە دەیکردە شەڕو ئاژاوە، دەیگوت من هەر ژنێکی تر دێنم و ئێوەش یا دەبێ لێرە بمێننەوە یانیش بۆ خۆتان کوێتان پێ باش بێ بڕۆن، هەروەك(حەمدیە)ی کچە گەورەی دەگێڕێتەوە: باوکم کە دەیگوت بڕۆن، ئەوەشی بۆ زیاد دەکردو دەیگوت چونتان بێ هاتنەوەتان نەبێت، رۆژ نەبوو پەڵپ و بیانوو بە دایکمان نەگرێت و لێینەدات.

(حەلیم)یش هاتە ناو قسان و گوتەکانی خوشکەکەی پشت راستکردەوەو گوتی: بە راستی ژیانێکی تفت و تاڵمان هەبوو، ژیان نەبوو ژەهری مار بوو، من و خوشکەکەم لە سایەی سەری ئەو باوکەمان چاومان بە قوتابخانە نەکەوت و نەمانزانی ژیانێکی ئارام مانای چییە، بەشێکی ئەو دەردەسەرییەشمان هۆیەکەی ئەوەبوو، دایکم دوای ئەوەی ئێمەی بوو چیتر منداڵی نەدەبوو، باوکیشم هەم منداڵی زیاترو هەمیش کوڕی دەویست...

### دەربەدەریی

(حەمدیە) ئەزموونی رۆژگارە تاڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: کە باوکم بڕیاریدا ژنێکی تر بێنێ، دایکم گوتی هیچ رێگرییەکم نییە، بڕۆ ژن بێنە، ئێمە لە ژوورێك و ئێوەش لە ژوورێکی تر بن، ئەوەبوو دوای مانگێك ژنێکی تری هێنا. ئەوکاتی ئێمە تەمەنمان لە نێوان یانزەو دوانزە ساڵیدا بوو، بە هاتنی ئەم ژنە ژیانمان هێندەی دیکە تاڵ و ناخۆشتربوو، ئەوەبوو شەوێك کە دنیا تا بڵێی سارد بوو، هەتا پێی کرا لە دایکمیدا، دەم و ددانی پڕ لە خوێن کردو سەری شکاند، بەم سەرمایەشەوە لە ماڵ دەریکرد، هەرسێکمان بەو زستانە ساردەوە لە کۆڵان مابووینەوە، کە هیچ شوێنێکمان شك نەبرد، دایکم لە دەرگای ماڵە دراوسێیەکمانی داو شەوەکەی لەو ماڵەمان بەسەربرد. هەرچۆنێك بێت بەیانییەکەی دایکم ئێمەی لەگەڵ خۆی بردە ماڵە ئامۆزایەکم و ماوەیەك بەم شێوەیە لەوێ ماینەوە.

### دووبارە مێردکردنەوە

(حەمدیە) لەمەڕ رۆژگارەکانی دوای دەربەدەربوونیان بەدەست باوکییەوە درێژەی دەداتێ و دەڵێ: کە لە ماڵە

ئا: باوکی میدیا



ئامۆزایەکەم ماینەوە، ئامۆزاکەم کە پیاوێکی دنیا دیدەو تێگەیشتوو و چاوتێرو بە ئەمەك بوو، لە وردو درشتی کێشەکەی دایکم و باوکمی کۆڵییەوە، ئێوارەیەکیان بە دایکمی گوت کەوا هەوڵدەدا بە وردی قسە لەگەڵ باوکم بکات و بزانێ بەڵکو چاکببنەوەو ئێمەش بچینەوە ماڵەباوان و چیتر سەرگەردان نەمێنین، بەڵام ئەوەشی بە دایکم گوت کە ئەو خۆی بە برای دایکم دەزانێ و ماڵی ئەو ماڵی ئێمەیە قەت لەبەر ئەوەی نییە کە لە ماڵی ئەوین. بە راستی دواتر قسەکانیشی بە تەواوەتی راست دەرچوون، ئامۆزاکەم چووە لای بابم و چەند کاتژمێرێك گفتوگۆی لەگەڵ کردبوو، کەچی بێ سوود ببوو، ئیدی بەدەست بە تاڵی هاتبۆوە. پاش دوو سێ رۆژ بابم هەواڵی نارد کە دایکمی سێ بەسێ تەڵاق دایەو با چیتر نەیەتەوە، دایکیشم دوای ساڵێك شووی کردەوەو ئێمەش لە ماڵە ئامۆزاکەم ماینەوە.

### لەبەردەم دادگادا

(مستەفا) کە ژنێکی تر دێنێ منداڵی دەبێ و هەموویان گەورە دەبن و هەردوو کچەکەی خۆشی گەورە دەبن و دەگەنە قۆناغی گەنجێتی. بەدرێژایی ئەو ماوەیەش هەر لای ئامۆزاکەیان دەمێننەوەو دایکیشیان لای مێردی دووەمی دەبێ و (حەمدیەو حەلیم) بریار دەدەن کە هەر لای ئامۆزاکەیان بمێننەوە، چونکە دایکێك کە لەبەر خاتری مێردکردنەوەی خۆی گوێ بەوان نەدا ئەو دایکە با هەر نەبێ باشترە، ئەوان کە هەراش دەبن (مستەفا) بیر لەوە دەکاتەوە دوو کچەکەی بباتەوە لای خۆی بەدرێژایی ئەو ماوە دووروودرێژەش (مستەفا) وردە وردە گۆڕانی بەسەر دادێ و هەست دەکات کە هەڵەی گەورەو زۆری کردووە دەرهەق بە ژنەکەی و منداڵەکانیشی، ئینجا لە هێنانەوەی ژنەکەی بە تەواوی بێ ئومێد دەبێ، چونکە لەلایەك تەڵاقی داوە پێشتر لەلایەکی دیکەش ژنەکەی مێردێکی دیکەی کردۆتەوە. بەڵام سەبارەت بە دوو کچەکەی ئومێدی ئەوەی دەبێ کە بیانگەڕێنێتەوە بۆیە راستەوخۆ قسە لەگەڵ برازاکەی خۆی دەکات بەڵکو هەوڵبدات بە قسەی خۆش وردە وردە کچەکانی رازی بکات و دڵیان چاك بکاتەوە تاوەکو رازی بن بچنەوە لای باوکیان، بەڵام کچەکانی بەشێوەیەکی رەها رەتیدەکەنەوەو گوێی پێنادەن، ئیتر بەخۆی دەچێتە لایان و هەوڵدەدا قسەیان لەگەڵ بکات و رازیان بکات، بەڵام هەر بێ سوود دەبێ، چەندین مانگ هەوڵدەدا، بەڵام هیچ ئاکامێك وەدەست ناهێنێ، تاوەکو رۆژێك لەمیانی هەوڵەکانیدا زۆر پێدا دەگرێ کە بیانباتەوە ئەوانیش هەر قبووڵی ناکەن.

ناچار تورە دەبێ و بە هەڵچوونەوە پێیان دەڵێ کە بە زۆریش بێ هەر دەیانباتەوە، ئیدی هەردوو کچەکە لە دادگا سکاڵا لە دژی باوکیان تۆمار دەکەن، کە هەڕەشەیان لێدەکات و ئەگەری ئەوە هەیە ئازاریان بدات. کە رۆژی دادگاییکردن دیاریدەکرێت، دادگا کچەکان و باوکەکەشیان ئاگادار دەکاتەوە کە بە مەبەستی دادگاییکردن ئامادەبن.

رۆژی یەکەمی دادبینی، دادوەر دوای ئەوەی سەیری پەراوی لێکۆڵینەوەی بەردەمی دەکات و گوێ لە هەردوولا دەگرێ لەمەڕ ناوەڕۆکی سکاڵاکە، داوا دەکات هەردوولا پێکبێن و ئاشت ببنەوە، بەڵام هەردوو کچەکە بە سووربوونەوە داواکەی خۆیان دووپات دەکەنەوەو بە راشکاویش چوونەوە لای باوکیان رەتدەکەنەوە. دادوەر چەند هەوڵی چاککردنەوەو ئاشتەواییان دەدات ئەنجامێکی نابێ... ئیدی بڕیار دەدات دادبینییەکە بەشێوەیەکی نهێنی بەرێوەبچێ، بۆ ئەوەی هۆکاری ئەو هەڵوێستەیان بزانێ دوای ئەوەی تەنها دادوەر قسە لەگەڵ کچەکان دەکات و ئینجا تێدەگات کە ئەم دوو کچۆڵەیە چەند ستەم لێکراون و ئەو باوکەش کاتی خۆی چەندە زوڵمی لێکردوون.. ئیتر ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی دادوەر هەموو هەوڵێکی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو کچانە بچنەوە لای باوکیان رابردووی تاڵ لە بیر بکەن بەتایبەتی دوای ئەوەی باوکیان پەشیمانی راستەقینەی خۆی نیشانداو بەسۆزو خۆشەویستییەوە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ و بە هەر مەرجێك کە کچەکانی دایدەنێن پێشوەختە رازیبوونی خۆی لەسەر دەدات تەنها ئەوان بگەڕێنەوە لای و چیتر دوور لە سۆزی باوکایەتیان نەبن بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود دەبێ.

**حاشاکردنی منداڵ لە دایک یان باوکی کارێکە زۆر بە دەگمەن روو دەدات مەگەر هۆیەکی زۆر کاریگەرو بەهێز هەبێت، وەک لە حاڵەتی ئەم دوو خوشکە دەبیندرێ کە بەهۆی زەبرو زۆر و ستەمی باوکیان ئەو بڕیارە دەدەن**

# خۆشەویستی لەسەردەمی عەولەمەدا



***خۆشەویستی فاسیلەیەکە لە نێوان مەرگ و ژیاندا ، مرۆڤ کە هەستی بەخۆشەویستی نەکرد، هەست بە ژیان بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە ناکات ، مرۆڤ جاری وا هەیە لە دۆخێکی تا بڵێی دژوار و نالەباردا دەبێت، کەچی بەهۆی خۆشەویستییەوە، هێز و گوڕوتینێکی لە رادەبەدەر لە خۆیدا بەرجەستە دەکات و بەسەر دژوارییەکانیدا زاڵ دەبێت.***

بەڵام هەندێك بارودۆخیش هەن، کە لەسەرووی ئیرادەی مرۆڤەوەن و مرۆڤ ناتوانێت بەخۆشەویستی، به هەموو ئەو هەست و خەیاڵانەی دروستیان دەکات، بەسەر ئەو دۆخەیدا زاڵ بێت، پرسیارەکە ئەوەیە، تاکی ئەمرۆی کۆمەڵگەی ئێمە کە لەنێو دنیایەك کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەژی، ئایا هەستی خۆشەویستی لەلا ماوە، جا ئەو خۆشەویستییە خوشك و برا بێت، یا بۆ نیشتمان بێت؟

مرۆڤ کە لە هەرەتی لاوێتیدا بوو، هەست و سۆزێکی پڕ گەرم و گوڕیی دەبێت، بۆیە کچێك یا کوڕێك کاتێك خۆشەویستی دەکات، خۆشەویستییەکەشی جۆرێك لە خۆسەلماندن و بڕوا و رووبەڕووبوونەوەشی تێدایە، خاتوو(بەناز محەمەدەمین) فەرمانبەری مافپەروەر، بەمجۆرە بیر دەکاتەوە و دەڵێ:

مرۆڤ بە خۆشەویستی نەبێ ناتوانێ بژیت، هەموو سەرمایەی مرۆڤ کە بە ژیانییەوە بیبەستێنەوە، خۆشەویستییە، جا ئەگەر بارودۆخێکی نالەباری وەك هەژاریی و دەستکورتی، بێ جێ و رێی، زەحمەتی و دژوارییەکانی ژیان ئەو هەستەی کز کرد، ئەوە کەی خۆشەویستییە.

ئایا تۆ دیوتە خۆشەویستیی نێوان کچ و کوڕێك بەهۆی کەمدەرامەتی و هەژارییەوە، کە مایەی هەموو دەردو بەڵاکانی دنیایە، بمرێت، کامە کچ و کوڕ لەبەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە دووچاریان دەبێتەوە وازیان لە یەکتر هێناوە.

بە بڕوای من مرۆڤ کەی خۆشەویستییان لێ حەرام کرا، هێندەی دیکە عاشقی یەکتر دەبن.

### خۆشەویستی سەرچاوەی ژیانە

هەندێك کەس بە هەوا و ئومێدی خۆشەویستییەوە دەژین، لە کۆمەڵگەی ئێمە کە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیی و سونەتییە، مرۆڤ تیایدا لەسەر خۆشەویستی شەلاق دەکرێ و تێیهەڵدەدرێ و بگرە جاری وا هەیە دەشکوژرێ، بەڵام هەمیشە ئیرادەی خۆشەویستی گەورەتر و زاڵتربووە (عەلی مەحمود) کە تەمەنی (٢٧) ساڵە و بەڕێوەبەری بەشە لە فەرمانگەیەك، حەزی کرد ئەزموونی خویمان بۆ بگێڕێتەوە لەگەڵ خۆشەویستی (عەلی) بەمجۆرە باسی خۆشەویستی خۆی بۆ کچێك بۆ کردین و گوتی: تەمەنم (٢١) ساڵان بوون کە کچێکم خۆشویست و عاشقی بووم، هەردووکمان لە قۆناغی سێیەمی کۆلێژێك بووین بەڵام لە دوو بەشی جیاوازدا.

دوای هەوڵدانێکی زۆر توانیم پەیوەندی لەگەڵ دروست بکەم، هەر لەسەرەتاشەوە ئامانجمان لە پەیوەندییەکە دیاریکرد، کە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی بوو، من بەڕادەیەك خۆشم دەویست بەمن بایە هەمیشە وەك سێبەر، بەردەوام لە گەڵی ببامایە، ئەم هۆگریی بوونە و ئەم بەردەوام پێکەوە بوونە وایکرد، ماڵەوەیان پێبزانێ، ئەوەبوو براکانی کە چوار بوون، بە خزمێکیان بە قسە و جنێودان، پەیامی هەڕەشەیان بۆ ناردم، بەڵام هەڕەشە چییە، هەر گوێشم پێنەدا، ئەمجارە خوشکەکەیان تەمێ کردبوو کە نابێ نە لەگەڵم بێت و نە دوور و نزیکش لێم نزیك بێتەوە و قسەم لەگەڵدا بکات، من لەبەر خاتری ئەو کە تووشی چەرمەسەری نەکرێت، پێکەوە رێککەوتین تەنیا بە مۆبایل بە یەکەوە بدوێین، بەمەشیان زانی و ئەمەشیان لێ قەدەغەکرد، ئەوان هەر قەدەغەکردن و چاو سوورکردنەوەیان دەکرد و ئێمەش لە خۆشەویستی خۆمان هەر بەردەوام بووین، تا گەیشتە ئەوەی رۆژێك هەر چواریان هاتنە سەر رێگام و لێمان بوو بەشەڕ و سەرم لە دوو جێگا و دەستێکیشیان شکاندم، کە چی خۆشەویستییەکەمان هەر بەردەوام بوو، بەڵام ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد ، ئەوە بوو کچەکە ورە بەربدات تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی تەواو کرد و رۆژێك هاتە لام و گوتی هاتووم بۆ دواجار خواحافیزت لێبکەم و ئیتر بۆ یەکجاری ناتبینمەوە ، منیان داوە بە کوڕە مامێکم و لە ئەوروپایە، هەفتەیەکی تر مارەم دەکات و مانگێکی تریش لەگەڵ خۆیم دەبات.

ئێمە بۆ یەکتر نابین و باشترە واز لە یەکتر بێنین.. بە چاوی پڕ لە گریان هەستاو رۆیشت، چیتر نەمبینییەوە، چەند هەوڵمدا نەمتوانی پەیوەندی پێوە بکەم، دوای چوار ساڵ زانیم لە وڵاتی ئەڵمانیایەو منداڵێکیشی هەیەو ئەوەی لە خەیاڵیدا نەماوە منم، سەرم سووڕما لەو ورە بەردانیەی و ئەم خۆپەرستییەی ئەو هەموو ناخۆشیانەی لەسەر ئەو بەسەرم هات کە هەموویم بە قوربانی ئەو کردو بەرگەم گرت، لای ئەو پوولێکی قەڵپی نەکرد، سەرەڕای هەموو ئەوانەش من هێشتاش خۆشەویستیم لا پیرۆزەو هەر بە پیرۆزیش دەمێنێتەوە.

### ژن و مێردێك خۆشەویستییەکی بێگەردو راستەقینە

کەسانێك هەن سەرەڕای هەموو بارودۆخێکی سەخت و دژواریش سەرەڕای نەبوونی و هەژاریش، کەچی خۆشەویستی لای ئەوان هەر پیرۆزە.. (شەوبۆ جەبارو سالار محێدین) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە گەر مرۆڤ باس لە خۆشەویستی راستەقینە بکات، ئەوا هیچ بەربەستێك بەسەریدا زاڵ نابێت..

(سالار) دەڵێ نزیکەی (١٣) ساڵە ژنم هێناوە.. بەر لە ژنهێنانم تەنها مووچەیەکی کەمم هەبوو و هیچی تر، کە (شەوبۆ)م خواست ساڵێك بوو یەکتریمان خۆشدەویست پێش ئەوەی ببینە هاوسەری یەکتر چەندین جار بەدووررودرێژی باسی دوارۆژی خۆمان دەکرد، هەرگیز باسی بارودۆخی نەبوونی و هەژاری ئەوکاتیمان نەدەکرد، بەڵکو تەنها باسی دوارۆژمان دەکرد. کە زەماوەندمان کرد، لە ماڵی باوکم تاقە ژوورێکمان هەبوو، لەگەڵ کەنتۆرو رایەخێك، تەنانەت نە بەفرگرەو نە تەلەڤزیۆنیشمان نەبوو سەرمایەی هەموو دنیامان خۆشەویستیمان بوو بۆ یەکتر.

هەر لەسەرەتاشەوە دروشمان خۆشەویستی بوو، جا با لەژێر رەشماڵێکدا بین، ئێستاش کە باری داراییمان زۆرباشە، هەمان ئەو گوڕوتینە خۆشەویستییەی جارانمان هەیە.. خۆشەویستی هەستێکە هەرگیز لە ناو ناچێ.

بە پێچەوانەی هەست و بیروڕای (سالارو عەلی) کەسانێکی تر هەن پێیانوایە کە ئەوەی خۆشەویستی بێ لەم وڵاتەدا نەماوە، لەم دۆخەی کۆمەڵگەی ئێمەی تێیکەوتووە، هیچ شتێك نەماوە ناوی خۆشەویستی بێت، (رێباز رەئووف) گەنجێکی (٢٣) ساڵەو دەڵێ: ئەمڕۆ کێ ئاگای لە خۆشەویستی ماوە، خەڵك ئەسڵەن نازانن خۆشەویستیش چییە، چینێك تەنها خەریکی گیرفان پڕکردن و دەوڵەمەندبوونە، چینێکیش لەوپەڕی هەژاری و دەستکورتیدا دەژین، ژیانی ئێمە هیچ خێرو خۆشییەکی نەماوە تا خۆشەویستی هێشتبێتەوە، رۆژ هەیە هەواڵی خۆسووتاندن یا خۆکوشتنی فلان کچ یا ژن نەبیستی، ئایا ئەمڕۆ کچ و کوڕێك دەتوانن بێ ترس و هەڕەشە، یەکتریان خۆشبووێ، چەندن ئەو گەنجانەی بە خۆشەویستییەکی راستەقینە توانیویانە ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنن...

(تاڵب شامراد) گەنجێکە لە قۆناغی دووەمی کۆلێژی پەروەردەیە، پێی وایە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، سەرەڕای جەنجاڵی و کێشەکانی ژیانیش هەر دەمێنێت، بەڕای من ئەو خۆشەویستییەی ئەمڕۆکە مردووە خۆشەویستی نیشتمانە، جاران خەڵك لە عەشقی نیشتمان بوو کە هەزاران کەس گیانی بە قوربانی دەکرد، ئێستا هەزاران نیشتمان بە قوربانی خۆیان دەکەن، ئەمڕۆ کەس نیشتمانی خۆشناوێت، چونکە نیشتمان بۆتە مایەی دەردو بەڵاو موسیبەتی گەورە بۆی، نیشتمانێك بووبێتە هۆی هەژاربوونی زیاتری هەژارەکان و دەوڵەمەندبوونی زیاتری دەوڵەمەندەکانیش بووبێتە هۆی سەرهەڵگرتنی گەنجان و لانەوازبوون و بێ ئیرادە بوونیان، چۆن شایستەی خۆشەویستی دەبێت.. لەم لاشەوە زەمەنی عەولەمەو پێشکەوتن سەرجەم پێوەرەکانی ژیانی گۆڕییەوەو تام و پیرۆزی بۆ زۆر شتی پڕ بایەخی وەك خۆشەویستی نەهێشتۆتەوە.

**گەنجێك: خۆشەویستی لە بارودۆخی ئەمڕۆدا مانا و ئاکامێکی لە خۆشەویستی نەهێشتووە**

**زەمەنی عەولەمە و پێشکەوتن تەواوی پێوەرەکانی ژیانی گۆڕیووە**

# مێردەكەم فێری گوناه و لەشفرۆشی كردم



ئا: ناسك سعید سلێمانی

زۆرن ئەو مرۆڤانەی كە بەدەستی خێزانەكانیان تووشی چەندەها كێشەو گرفت دەبنەوە، لەدوایشدا بە كەسێكی بەدەر لەو خێزانە سەیری دەكرێن و یارمەتی نادرێن. كاتێكیش لێیان دەپرسیت دەڵێن هەڵەی خۆی بووە.

(رووناك) یەكێكی ترە لەو ژنانەی كە بەهۆی براو براژن و مێردی دوومیەوە تووشی كاری لەشفرۆشی بۆوە هەروەك خۆی ئاماژەی پێدەكات هەرچەند هەوڵیش بدات ناتوانێت وازی لێبێنێت، لێرە لاوازی مرۆڤەكان دەردەكەوێت بەرامبەر بەو ژیانەی كەلەلایەن كەسێكی ترەوە بۆی هەڵدەبژێردرێت كە ناتوانێت وەك كەسێكی ئاسایی گۆڕانكاری لەژیانی خۆیدا بكات.

(رووناك) بەم شێوە باس لەژیانی خۆی دەكات كە چۆن بۆتە كەرەسەیەكی بێ بایەخ بە دەست كۆمەڵگەوەو دەڵێت:

تەمەنم نەگەیشتبووە ئەوەی هەست بە بوونی خۆم بكەم و بزانم چی باشەو چی خراپە، باوكم لەترسی بەعسییەكان هەر زوو دامی بەشوو، ئێمە لەجەلەولا خاوەن هیچ شتێكی خۆمان نەبووین، بەردەوام چاوەڕێی ئەوەمان دەكرد بەعسییەكان هەڵكوتنە سەرمان و تەكلیفی شتێكمان لێ بكەن. جگەلەو ترس و لەرزەی ئەوانیش باری ژیانمان زۆر قورس و گران بوو، هەربۆیە بەهەزار حاڵ توانیم پۆلی شەشی سەرەتایی تەواو بكەم. لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا باوكم دامی بە كوڕێك خوا بیبرێ هەر بەناو ئیسنان بوو هەتا بڵێی كەم عەقڵ بوو تەنانەت بە كەڵكی خۆشی نەدەهات. كەسێكی تەمەڵ بوو حەزی لەكار كردن نەبوو زۆرجار خەڵك خێری پێدەكردین و لەكەلاوەیەكی رووخاودا دەژیاین. سەرەڕای هەموو ئەو نارەحەتیانە پیاوەكەم شەونەبوو نەمكات بە فلیمی گەڕەك و بەردەوام لێی دەدام و جنێوی ناشیرینی پێدەدام، نیوەی ژیانم هەر شەق و لێدان بووە چەند جار تۆرام و بۆ ماڵی باوكم رۆیشتم و دوای دوو سێ رۆژ دەهات بەدوامدا و بەزۆری باوكم دەیبردمەوە لەگەڵ خۆی، نەئەوەبوو دەستم لێهەڵگرێت نە ئەوەش بوو كەمێك باش بێت لەگەڵم.

كاتێك شەڕی (سەدام) دەستی پێكرد ئێمە ماڵمان هاتە(خانەقین) پڕ بەدڵ حەزم دەكرد یەكێكمان تیا بچێت بۆئەوەی ئەوەكەی ترمان رزگاریی ببێ بەڵام هەردووكمان سەرسەخت بووین بۆ خەم و خەفەت ماینەوە. (هەناسەیەكی هەڵكێشاو دوای گریانێكی بەكوڵ كە دنیایەك ئاهو حەسرەت لەچاوەكانی دادەبارین) كەوتەوە قسە كردن و ووتی:ئەوە هەر من نیم ئاوا گیرۆدەبوومە ژنی ئەم ناوچەیە نیوەی بووە بە سینەما بەدەست پیاوەوە نازانم خوا ئێمەی بۆ گاڵتەجاری پیاو خەڵق كردووە. بە ئارەزووی خۆیان هەرچۆنێك بیانەوێت سوكایەتیمان پێدەكەن جنێوی زۆرمان پێدەدەن و دەشڵێن ژن شەرەفی پیاوە، ئاخر نازانم ژن كە شەرەفی پیاوەكەی بێت چۆن دەبێت ئاوا رەفتاری لەگەڵ بكرێت.!!!!!

هەزارجار خۆزگە دەخوازم هەرچی بوومایە بەس ئافرەت نەبوومایە، ئەوەتا جارێك دەستی شكاندم (قۆڵی هەڵكرد و شوێنەواری لێدانەكەی نیشاندام،دواتر ووتی سەیری پشتم بكە لە قۆڵم خراپترە دەڵێی بەعس تەعزیبی داوم). ئەوجارە كەدەستی شكاندم هەڕەشەی لێكردم ئەگەر لای ماڵی باوكم قسە بكەم دەڵێم لەسەر ئەخلاق بووە....!!! نارەحەتیم زۆر چەشت تا ئاخر جار هاتمەوە ماڵی باوكم پێموتن ئەگەر بشمكوژن ناگەڕێمەوە لای بەخوا زۆرم لێبكەن خۆم دەكوژم. هەرچۆنێك بێت خۆم بە تەڵاقداندا و جیابوومەوە هەرچەند ماڵەوە رازی نەبوون بەڵام من هەر جیابوومەوە.

## دوای جیابوونەوە

ژیانم لەماڵە باوکیشم جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو هەرچی کاری ئـــەو ماڵە بوو بە منیان دەکرد من دایکم نەمابوو باوکیشـــم پیربوو لەگەڵ بــــراو براژنێکمدا دەژیاین براژنەکەم رۆژ نەبوو کێشــــەیەکم بۆ دروســـت نەکات و بە براکەم بە لێدانم نـــەدات، نەدەوێرام لەماڵ بێمـــە دەرەوە پێیدەوتم ها بێوەژن چاو بۆچی دەگێڕی کە حاڵت وایە بۆلای پیاوەکەت دانەدەنیشـــتی، میوانێکمـــان بهاتایە بۆم نەبوو بە خێرهاتنیشـــی بکەم. رۆژێك براو براژنەکەم بەقســـەی خۆش هاتنە لام و دانیشـــتن و پێیـــان ووتم (رووناك) خۆ ئێمـــە ئامادەین هاتە مردن بەخێوت بکەین بەڵام ئەگەر کەسێکی باش داوات بکات ئێمە لاریمان نیە لە شـــوکردنەوەت منیش ئەمەم بەلاوە ســـەیر بوو بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەم قســـە خۆشانەیان لەبەر بەرژەوەندی من نەبوو بەڵکو بەپارە منیان بە پیاوێك فرۆشـــتووە. تامارەشـــیان کردم چـــاوم بەناوچەوانی ئەم پیاوە نەکەوتبوو بەڵام ئەو شـــەوە هەندێك قسەی خۆشی بۆ کردم و پێکەنی و ووتی پارەم هەیە و حەزم لە ژن هێنانـــە. دوای هەفتەیەك چوومە ماڵی پیاوی دوومەوە، ئەم پیاوە ژنێکی تریشی هەبوو کاتێك کە بینیم زۆرم بەلاوە سەیر بوو کە ژنی بەســـەردا هێناوە چونکە ئەو دوو قاتی من جوان بوو بەڕاستی ئەمە بوو بە پرســـیارێك و پاش ماوەیەك وەڵامەکەم دەستکەوت.بۆماوەی دوو هەفتـــە ژیانـــم زۆر خۆش بوو چیم بویســـتایە بۆی دەکردم و حەزم لەچی بووایە بۆمی دەکڕی من هەرگیز شتی وام بەخۆمەوە نەدیبـــوو دەمووت ســـوپاس بۆ خوا کە ئەم پیاوەم باشـــە هەرچەند نەمزانی کە ئەمیش مەرامێکی بۆگەنی هەبووە لەم باشیەیدا.

## پلانی مێردەکەم

ئێمە ماڵمان لە کەرکوك بوو بەڵام ماڵی باوکم لە خانەقین، رۆژێك پیاوەکـــەم ووتی خۆت حازر بکە دەچین ســـەردانێکی ماڵی باوکت دەکەین منیش خۆم ئامادە کردو رۆیشـــتین لەرێگادا زۆر قســـەی بـــۆ دەکردم بەڵام من هیچ تێنەدەگەیشـــتم ووتی ژنەکە تۆ بۆچی ئەوەنـــدە بێ ئەقڵیت و تێناگەی مەبەســـتم ئەوەیە خۆ تۆ هەرژنی منیت و تا دەشـــمرم هەر رێزت هەیە لای من هەروەك ژنەکەی ترم تا ئێســـتاش خۆشـــم دەوێت و چی بوێت بـــۆی دەکەم،منیش ووتم باشـــە ئێســـتا دەتەوێت چی بڵێیت ووتی پیاوێکی خزمم هەیە زۆر دەوڵەمەندە ئێســـتا بـــە میوانی بۆ ماڵی ئـــەوان دەچین و ئەگەر پێت خۆش بێت شەو دەمێنینەوە، من هەرنەمدەزانی مەبەستی چیە چونکە من لەژیانمدا کەس بە شـــاراوەیی قسەی لەگەڵ نەکردووم و نەمدەزانـــی چی دەوێت؟ ئەو یەکەمجار بەمنی ووت بۆ خانەقین دەچین بەڵام دواتر چووین بۆ شاری سلێمانی، ووتم بۆچی ئەمشەو لێـــرە دەمێنینەوە خۆمن ئەم ماڵە ناناســـم و حەزیش ناکەم بمێنمەوە لەماڵی کەســـێك کە نەیناســـم، بەهەرحاڵ قەناعەتی پێکردم و ئەو شـــەوە ماینەوە. کاتێك شـــەو لەماڵی خزمەکەیان بووین زۆر شتی ســـەیرم بینی تا ئەو کاتەش نەمزانی مەبەســـتیان چییە کە منیان بۆ ئەم ماڵە هێناوە، نزیکی ســـەعات ١١ی شەو بوو پیاوەکەم ووتی ژنەکـــە تەلەفۆنێکیان بۆ کردووم دەبێت بڕۆم و بگەڕێمەوە تۆ لێرەبە ئێســـتا دەگەڕێمەوە، هەرچەند ووتـــم پیاوەکە من بەجێمەهێڵە و من کەس ناناسم بەڵام بێ سوودبوو هەر بەجێی هێشتم.کاتێك کە پیاوەکەم رۆیشـــت خاوەنی ماڵەکە هاتە ژوورەکـــەی من و پێی ووتم بۆچی نایەیەتە ژوورەکەی من لێرە بە تەنها دامەنیشە منیش زۆر ترسام و ووتم قەینا حەز دەکەم بە تەنها بم،خۆ لەو ماڵەدا ژنی تریش هەبوو بەڵام نەمدەزانی خەریکی چین؟؟

دوای ئـــەوەی کە بوو بە ســـەعات ١٢و نیوی شـــەو مێردەکەم تەلەفۆنـــی بۆ کردم ووتی ئەمشـــەو تۆ لەوێ بە مـــن نایەمەوە، ئەوەندەی تر ترســـام چونکـــە ئەوکاتە زانیم کە ئەمـــە پلان بووەو بۆمنیان دارشـــتووە، پیاوەکە دووبـــارە هاتەوە ژوورەکەی من و پێی ووتم بۆچی ناخەویت خەوت نایەت؟ منیش لە ترسا نەمدەزانی چی بکەم و دەستم دایە مۆبایلەکەم تەلەفۆنێك بکەم یەکسەر مۆبایلەکەی لێوەرگرتم و دەســـتی راکێشـــام منیش هەتا هێزم تیابوو هاوارم کرد بەڵام بێ سوود بوو، لەوکاتە ژنێك هات ووتی ئەوە چیتە ئەو هاوار هاوارەت لەچیە؟ کە حەزت لێی نیە بۆچی هاتوویت؟؟!! بەڕاستی مـــن خەریك بوو ببورێمەوە کەوای پێووتم، دواتر پیاوەکە ووتی هیچ هاوار مەکە چونکە من لەجیاتی تۆ بۆ ئەمشەو نزیکەی ٦ وەرەقەم بە مێردەکەت داوە، هیچ بـــاوەڕم نەکرد و تەلەفۆنم بۆ کرد کەچی پیاوەکەم ووتی راست دەکات و هەرچیەکی دەوێت بۆی جێبەجێ بکە ئەگینا باشت بەسەر نایەت.

هەرچەند گریام و لێی پاڕامەوە بێ ســـوود بوو هەردەیووت من پـــارەم داوە لەجیاتی تۆ یان ئەوەتا تەلەفۆن بۆ مێردەکەت دەکەم یان ئەوەتا هەرچیەکم ووت دەبێت بەقســـەم بکەیت. لەوکاتەدا خیانەتی بـــراو براژن و مێردەکەمم دەهاتـــە پێش چاو کە بۆ پارە چۆن منیان فرۆشـــت و ســـووکیان کردم. چارم نەماو ئەو پیاوە چی پێ خۆش بوو لەگەڵمدا کردی و کە دەشـــگریام دەیـــوت دەنگت لێوە نەیەت و بێزارم مەکـــە. بۆ بەیانی کە مێردەکەم هاتەوە بەشـــوێنمدا هیچ قسەم لەگەڵدا نەکرد ســـەرەڕای ئەوەش من هەستم بە شەرمەزاری دەکرد،کاتێکیـــش گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە ژنەکـــەی تری پیرۆزبایی لێکردم ووتی من چەند ساڵە ئەمە کارمە و هەرلەسەردەمی رژێمەوە فێری کردووم نەمتوانیوە هیچ بڵێم چونکە لەوکاتەدا بەعســـییەکی زۆر پیـــس بووە هەرچییەکم دەوت، پێی دەوتم قســـە مەکە ئەگینا هەموو کەسوکارەکەت لەناودەبەم و ئێستا ئەوەیە کە دەیبینی خۆلەبەر خراپی من نەبووە کە تۆی هێنا بەســـەر مندا بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کـــە ئەم کارانە بە ژنەکانی بکات و چاوەڕێی ئەوەشـــی لێبکە ژن بەسەر تۆدا بێنێت!!!!



## مردنی مێردەکەم

مـــن ئەو رۆژە بە خۆشـــترین رۆژ دادەنێم کـــە هەواڵی مردنی مێردەکەم پێگەیشـــت کاتێك بە ئیش بۆ بەغداد چوو بوو لەوێ بەر تەقینەوە کەوتبوو دوای چەنـــد کاتژمێرێك مردبوو، هەموو رۆژێك دوعای لێدەکەم کە منی تووشی ئەم حاڵەتە دەروونیە ناخۆشە کردو سەرەڕای ئەوەش پیاوی خەڵکی پێ فێرکردین ئێستا هەموو رۆژێك مردنێکە بۆ من چونکە منی تووشی ئەم کارە خراپە کرد، من رۆژ بـــە رۆژ هەوڵدەدەم واز لەم کارە بهێنـــم چونکە هەتا بڵێی کارێکی روو رەشـــانەیە و هەموو کەس بەچاوی ســـووك سەیرم دەکەن. من بەتـــەواوی لە خەڵك دابڕاوم و کەســـێکم بەردەوام دەگریم و خەفەت دەخۆم نازانم بۆچی چارەنووســـم بەم شـــێوەیە بوو، چەند جار سکم هەبوو لەبارخۆمم بردووە چونکە بەڕاستی ئەو کاتەش کە مێردەکەم مابوو نەمدەزانی لەکامەیان سکم بووە لەمێردەکەم یان لەپیاوی تر؟ بەڵام تازە ناشـــتوانم هەروا بە ئاسانی وازی لێبهێنم چونکە خەڵك پێم فێربوون و خۆشـــم راهاتووم هەرچەنـــد هەوڵیش دەدەم، بەڵام بە تصوری خۆم بێ سودە..



ئەو پیاوانەی کە پێشـــووتر دەهاتن ئێســـتاش هەر دێن و خەڵکی تریش لەگەڵ خۆیان دەهێنن، بەڵام سەیرم لەوە دێت بۆچی زیاتر پیاو دێن بۆلای ژنە لەش فرۆشـــەکان تا کوڕ، کاتێکیش دەپرسیت لێیان دەڵێن ئێوە باشـــتری لێدەزانن. مـــن ژیانم زۆر ناخۆش بووە تەنانەت کەسوکاریشم وەرم ناگرنەوە دەڵێن تۆ لەناو کەسوکاردا سووکت کردوین لەکاتێکیشدا هەمووی خەتای ئەوان بوو ئەگەر ئەوان بە پارە منیان بەم پیاوە نەفرۆشتبایە منیش ئاوام بەسەر نەدەهات.



## خیانەتی هاوسەری

# کاتێک ژن مێردەکەی بەرەو تونێلی خیانەتکردن دەبات

ئا: فایلی کۆمەڵایەتی

رەنگە هەر یەك لە ئێمە کاتێك گوێبیستی هەواڵێك دەبیٚ کە بڵێی فلان ژن یا پیاو ناپاکی لە هاوسەرەکەی کردووە، بە جۆرێك کاردانەوەمان هەبیٚ کە مەحکومکردن و قێزلێکردنەوەی تێدابیٚ، بەڵام لەوە ناپرسین، داخۆ بۆچی ئەو کەسە کەوتۆتە ناو هەڵەوە، یا چ بارودۆخێك بۆتە هۆی ئەوەی ئەم کارە بکات..

کیٚ لەم کارە بەرپرسیارە و کامیان (ئەوەی ناپاکییەکەی کردووە یا هاوسەرەکەی ) بەرپرسیارە... با ئەم باسە بورووژێنین و بەشێوەیەك لە شێوەکان هەندیٚ لایەنی بخەینەڕوو، هەندیٚ ناپاکی هاوسەرێتی بەتاوانێکی گەورە دەزانن و پێیان وایە مرۆڤ لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا نابیٚ تاوانی وەها گەورە بکات، بەڵام ئەی بۆ تاوانەکەش دەکات..؟ ئەم پرسیارەمان لە خاتوو(رێژین مەسعود ) ی توێژەری کۆمەڵایەتی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی داینەوە (گوتی ) دیارە ناپاکی هاوسەرێتی، حاڵەتێکی بینراوە و شتێکە خەڵك بە گشتی رەتیدەکاتەوە،

ڕەتکردنەوەکە دوو هۆی سەرەکی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە مرۆڤ هەر بەغەریزە دژایەتی ئەم هەڵوێستە دەکات، واتە کاتێك ژنێك پیاوێك دەکاتە هاوسەری خۆی، ڕێگە نادات کەسی تر هاوبەشی لەو مافەی بکات، دووەمیان لەبەر شوێنەوارە خراپەکانی کارەکەیە، لەسەرێکەوە ڕەنگە نەسڵ پۆخڵ بکات، لە سەرێکی تریشەوە کێشەی گەورەی لێ دروست دەبێ.. بەڵام وەکو دەشڵێن مرۆڤ شیری خاوی خواردووە ، ئەگەر زەمینەی کارەکەی لە ئارادابوو، مرۆڤەکەش خۆی ئەم ئامادەییەی تێدابێ، ئاساییە کە ناپاکی لە هاوسەرەکەی بکات، واتە ڕێی تێدەچێ مرۆڤ کە بیر لەوکارە بکاتەوە، ئەنجامیشی بدات.

یەکێ لەو هۆیانەی کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ ناپاکی لە هاوسەرەکەی بکات، هەندێ هۆکار و پاڵنەری دەروونین، هەروەها بەڕێز (سەنگەر محەمەد جەلال)ی دەروونناس ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ:

لە بواری سایکۆلۆژیدا، هیچ ڕەفتارێك بەبێ پاڵنەرێك واتە (دافع)ێك ڕوونادات، جا پاڵنەرەکە دەروونی بێ، یان کۆمەڵایەتی، یا فسیۆلۆجی بێ، ناپاکی هاوسەرێتیش هۆکار و پاڵنەری دەروونی خۆی هەیە، جاری وا هەیە ژنەکە یا مێردەکە، دەبێتە هۆکاری سەرەکی لەوەی کە هاوسەرەکەی ناپاکی لێبکات، بۆ نموونە کاتێك پیاوێك ناپاکی لە ژنەکەی دەکات، ڕەنگە هۆیەکەی دەروونی بێت، وەك ئەوەی کابرا بەقەد پێویست بایەخ و گرنگیدان لە ژنەکەی نەبینێ، هەر وەك چۆن ژنەکەی بایەخ بە ڕووخسار وجلوبەرگ و خۆڕازاندنەوەی خۆی نەدات و کابرا لە ڕووی دەروونییەوە تێر نەکات، یا ئەوەندەی خەریکی منداڵەکەیەتی، چ بایەخێکی ئەوتۆی بە پیاوەکەی نەماوە و کابرا هەست بەوە بکات کە لە بۆشاییەکدا دەژی.

یانیش ڕەنگە هەر لە ڕووی زایەندییەوە تێر نەبووبێ، بۆیە لە دەرەوەی پەیوەندی هاوسەرێتی ئەم کارە بکات.

بە کورتی ئەگەر پیاو بیکات یا ژن، بێگومان هەندێ هۆکار هەن کە پاڵی پێوەدەنێ ئەم شتە بکات، بەڵام هۆکاری هەبێ یان نا مانای وانییە پاساوی بۆ بێنینەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە هۆیەکانی ئەنجامدانی ئەم کارە دەستنیشان بکەین، تا ئەگەر لە چارەسەرەکەی گەڕاین، بە چارەسەرێکی دروست و زانستی بکەین..

بە هەمان شێوە ئەگەر ژنێك ناپاکی لە پیاوەکەی بکات، ڕەنگە هۆکارەگەلێکی دەروونی یا فسیۆلۆجی هەبێ.

### نموونەکانی ناپاکی هاوسەرێتی

لە ڕارەوی دادگاکانی کوردستان، ڕۆژانە ئاپۆرەی خەڵك دەبینرێن و هەر یەکەشیان کێشەیەکی هەیە و ڕووی لەدادگاکردووە تا بۆی چارەسەر بکرێ، بە هەمان شێوە ئەگەر چاوێك بە هۆڵی دادگاکانی باری کەسیدا بگێڕین، ڕۆژانە بە دەیان حاڵەتی لێکجیابوونەوە و تەڵاق دەبینی کە هەندێکیان بەهۆی ناپاکی هاوسەرێتییەوەیە.

### چەند نموونەیەك

لە هۆڵی دادگا بووین کە ئافرەتێك بە ناوی (س.پ) دوا ڕۆژی دادبینی بوو، دادگا بڕیاریدا لە مێردەکەی جیابێتەوە، لەبەر ئەوەی مێردەکەی بەو هۆیەی کە ناپاکی هاوسەرێتی لەگەڵدا کردووە، زیانی لێداوە، ئەو بەکورتی گوتی: من بۆ مێردەکەم هیچ کەموکوڕییەکم نەبووە و لە هیچ شتێکیش کە خزمەتی پێ بکات و بەختەوەری بکات کەمتەرخەمیم نەکردووە، کەچی ئەو ناپاکی لێکردم و ئافرەتێکی سۆزانی هێنابووە ماڵەوە و هەردووکیانم پێکەوە لەسەر جێگا گرت، پیاوێك ئەمە ڕەفتاری بێ چ ئومێدیکم پێی هەبێ و شایانی چ ڕێزێکە لەماڵ وەك هاوسەر بمێنمەوە.

باشترین وەڵام ئەوەیە هەموو مافەکانی خۆمی لێ وەربگرم و لێی جیاببمەوە.

هەر لە هۆڵی دادگادا ئافرەتێك بەناوی (م.م) سکاڵای لە دژی مێردەکەی هەبوو، کە بە بەڵگەوە بۆ دادگا ڕوونی کردبۆوە کە پیاوەکەی ناپاکی لێکردووە، کابرا لەبەردەم دادگادا تۆمەتەکەی پشتڕاست کردەوە و بێ پێچ و پەنا گوتی:

بەڵێ من ناپاکیم لە ژنەکەم کردووە و ئەوە یەکەمین جاریش نییە، بەڵام ئایا دەپرسن کە بۆچی وامکردووە...؟

هۆیەکەی ئەوەیە کە من بێ بەش و مەحرومم لە ژیانی هاوسەرێتی، ژنێك کە نەزانێ ژیانی هاوسەرێتی چییە، هەر خەریکی ماڵی باوکییەتی و تۆزقاڵێك ئاگای لە مێردەکەی نەبێ، ئەوە چ ژنێکە، بۆچی گلەیم لێ دەکات کەهەر چییەکم کردبێ، دواجار دادگا بە ساڵێك و نیو حوکمی دا، چونکە تۆمەتەکەی لەسەر چەسپابوو.

پیاوێك لە دەرەوەی دادگا مشتومڕی بوو لەگەڵ ماڵە خەزوورانی و کەسوکاری خۆی پێیان دەگوت: کاکە دەست لەو داوایە هەڵگرە با زیاتر لە ناو خەڵکی ڕیسوا نەبین.

مادام پێی نارازی و گومانت لێی هەیە و شتت لەسەر ژنەکەت هەیە، تەڵاقی بدە و کۆتایی پێ بێنە و بیبڕێنەوە، ئەویش دەیگوت:

ئەو ژنە مادام کەرامەتی منی شکاندووە و لەگەڵ فلانە کەس دەستی تێکەڵ کردووە با ئەمن جارێ بەگرتنی بدەم و بۆ دادگای بسەلمێنم کەچی کردووە و چی نەکردووە ئەوسا پاش ئەوە تەڵاقدانی هەر بەتەواوەتی مسۆگەرە و یەك ساتیش دوای ناخەم.

بەڵام ئێوە کە هیچتان پێ ناکرێ، و هیچی لەگەڵ ناکەن منیش کە خۆم تووشی تاوان ناکەم، با دادگا سزای بدات باشترە.

**دەروونناسێك: جاری وا هەیە ژنەکەیان مێردەکە دەبێتە هۆکاری سەرەکی نا پاکی کردن**

**کۆمەڵناسێك: خیانەت نەسڵ پیسدەکات و کێشەی گەورە دروست دەکات**

# چۆن وا بکەین منداڵانی دیکە بەدەردی ئەیوب نەچن


ئەیوب

ئا: ئاڤان عەلی

رۆژانە گوێبیستی جۆرەها کارەساتی جەرگ بڕ دەبین لەمەڕ کوشتنی مرۆڤ، کوشتنی ئەیوبی تەمەن پێنج ساڵیش یەکێکە بوو لەو تراژیدیایانەی کە بە بیستنی خەڵکێکی زۆر سەرسام بوون، بە مەبەستی روونکردنەوەی لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکەی ئەو تاوانە و چۆنییەتی رێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی، چەند کەسێکی پسپۆرمان لەو بوارانە هێنادوان: سەرەتا دکتۆر (رێدار محەمەد ئەمین) کاندیدی بۆردی دەروونی لەڕووی دەرونیەوە بەم جۆرە ئەم بابەتە شی دەکاتەوە و دەڵێت: دیاردەی کوشتن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام هەڵبەتە باکگراوندێکی دەرروونی هەیە، ئەو مەبەستی لەوەیە کەوا کۆمەڵێك فاکتەر هەیە یارمەتی ئەوە دەدەن کە ئەم دیاردەیە پەرە بسێنێت، وەك هەڵوەشاندەنەوەی خێزان و نەمانی پەیوەندی خۆشەویستی وبالابوونی مادە و خۆپەرستی و بەپیرۆزکردنی تاوان و ئاسانکاری بۆی لە رێگەی ئەو فلیمانەی کە تەنها مەبەست لێیان کوشتنە، بۆیە جێگای سەرسوڕمان نیە کە کۆمەڵگای ئەمەریکی زۆرترین رێژەی کوشتن و تاوانی بەر بکەوێت، بەڵام بێگومان هەندێك فاکتەری دەرروونی هەن کەوا دەکەن ئەم دیاردەیە زیاتر پەرە بسێنێت، بەتایبەتی لەو کەسانەی کە بە سروشت مەیلی تاوان و کوشتنیان هەیە و بەزاراوەی دەروناسیش پێیان دەڵێن کەسایەتی سایکۆپات (anti social )، جگە لەمەش شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ و خۆشەویست کردنی گیانی تاوان لەلای بەتایبەتی ئەو خێزانانەی پێیان وایە هێز تاکە رێگەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، توندوتیژی ناو خێزان و خێزانیش کەوا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە و کوشتنی قابیل لەلایەن هابیلی برای بەیەکەم کرداری کوشتنی ناو خێزان دادەنرێت، لەڕاستیدا زۆربەی ئەو توندوتیژیانەی کە لەناو خێزاندا دەکرێن مەبەستن لێیان پەروەردەکردنە، بەڵام گرفتەکە لێرە ئەوەیە کە دایك و باوك حەزیان لێیە منداڵەکانیان کتومت وەك ئەوان بیر بکەنەوە، بێ ئەوەی ئەو راستیە بزانن کەوا منداڵەکانیان لەسەردەمێکی تر گەورە بوونە جیا لەسەر دەمی ئەوان، جگە لەوەش حەزو ئارەزوو و شێوازی بیر کردنەوە لە مرۆڤێك بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بۆیە زۆر جاران توندوتیژی لە رێبازی ئاساییانەی خۆی لادەدات (کەدەڵێم ئاسایی دیارە مەبەستم سروشتی نیە چونکە خودی توندوتیژی کارێکی نامۆیە بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە توندوتیژی لەسەرەتاوە مەبەست وئامانجی هەیە)بۆیە لەم حاڵەتانە زیاتر وەك تۆڵە سەندنەوەیەك دەبێت، نەك پەروەردەو ئاڕاستەکی شێتانە وەردەگرێت کەوا زۆر جاران بە کوشتنی بەرامبەر کۆتایی دێت، بە تایبەتی کاتێك بەرامبەرەکەی لاوازو بێ هێزبێت وەك لەو حاڵەتەی ئەیوب روویدا، هۆکارەکانی ئەم توندوتیژیەش زۆرن بۆ نموونە کاتێك منداڵ دزی دەکات، درۆ دەکات، ناچێتە قوتابخانە ...هتد ئەم کارانەش بە بەردەوامی دووبارە بکاتەوە، ئەوا سزاکەی توندتر دەبێت لە لایەن ئەو کەسەی کە خۆی گرفتی دەروونی هەیە و پێویستی بە چارەسەرییە، لەراستیدا من لێرەدا دەمەوێت تۆزێك لە قاڵبی پزیشکی دەروونی دەربچم

●●●
د. رێدار:
**تاوانی کوشتنی ئەیوب وەک پێویست تاکی کوردی نەهەژاند ئەگەر نا دەبووایە هەموومان بچووبایینە سەر شەقام**
●●●

●●●
**گرنگە دەزگاییەکی چاودێری کارا دابمەزرێت تا بەردەوام چاودێری خێزان بکات**
●●●





وەك مرۆڤێك باس لەو تاوانەی ئەیوب بکەم کەویژدانی هیچ کەسـێکی وەك پێویسـت نەبزواند! چونکە ئەگەر وەها بوایە دەبوا هەمووومان بچینە سەر شەقام و خۆپیشاندان بکەین نەك تەنهـا بۆ ئەیوب بەڵکو بۆ هەمـوو ئەو ئەیوبانەی دوێنێ و ئەمڕۆ و بەیانی بە دڕندانەترین شێواز لەناو دەبرێن، کارەساتی ئەو منداڵەش هێشـتا لە یادمان زینـدووە کاتێك لەوەڵامی تۆپەڵە بەفرێك گولەیەکی بەر کەوت و گیانی لە دەسـت دا، ئەمانە هەمووی زەنگێکی ترسـناکن بۆ دوارۆژێکی تاریك، بۆیە تازووە با بە چارەسـەر بگەین تـا چیتر منداڵەکانمان نەبنە قوربانی حەزی دڕنـدەکان، د. ڕێدار پێی وایە دەکرێ چارەسەری لە چەند فایلێك کۆ بکەینەوە بۆیە دەڵێت:

دەمەوێ چارەسەریش لەم خاڵانە کورت بکەمەوە:

-١ دانانـی دەزگای چاودێری کەوا بـەردەوام چاودێری خێزان بکات، بەتایبەتی ئەو خێزانانەی ئەگەری توندوتیژیان زیاترە، هەروەها بڵاوکردنـەوەی کۆمەڵێك ژمارەی تەلەفۆن تاکـو هەموو منداڵێك لە کاتی پێویسـت بتوانێت پەیوەندیان پێوە بکات .

-٢ کاراکردنی دەزگاکانی قەزاو دادگایکردنی ئاشکرایانەی ئەو کەسـانەی ئەو کارانە دەکەن تاکو ببنە پەند بۆ کەسانی تر.

-٣ هەوڵدان بۆ بەرز کردنەوەی هۆشیاری خێزان بە تایبەتی لەلایەن سـایکۆلۆژیەتی تاکە کەس و سایکۆلۆژیای منداڵ کەوا یارمەتیان دەدات بۆ زیاتر تێگەیشتن لە منداڵ.

هەروەها (د.بەشـیر خلیل )مامۆسـتاو ووتـار خوێن لە مزگەوتی جەلیل خەیات دەڵێت: کاتێك گوێبیستی ئەو تاوانە گەورەیە بووین ئەو تاوانەی کە منداڵێکی چاو گەشی بێتاوان خەڵتانی خوێن کرا، جەرگی

زۆرانی بڕی و زۆرانی تاسـاند فرمێسکی لە چاوی زۆر کەسـدا قەتیس هێشـتەوە، بەڕای مامۆسـتا ئەوە تاوانێکە بـڕوا ناکات مرۆڤەکان هەرچەندیش ئـەو جۆرە تاوانە بکەن لەگەڵ منداڵی خۆیان ئەو پێی وایە لەوانەیە لەگەڵ خەڵکی تردا مرۆڤی بەو جـۆرە تاوانبار هەبێت دڵی ڕەق بێت، بەڵام لەگەڵ جەرگی خۆی ئەمە شـتێکی زۆر ناسروشتیە، بۆیە ئـەو ئەومرۆڤەی ئـەو کارەی ئەنجـام داوە چ باوکەکە چ باوەژنەکە مرۆڤی ئاسایی نین لەوانەیە پێیان بوترێت (سادی) هەندێك لە دەروونناسـەکان بەو مرۆڤانە دەڵێن مرۆڤی سادی واتـا تەنها بە تاوان لەزەت وەردەگـرن بەبینینی خەڵکێك کە دەبینێت ئازار دەکێشێت و گیانی دەردەچێت لەبەر دەستیدا تام و چێـژ وەردەگرن بۆیە دڵنەوایی خۆیان لە ئازاردانی خەڵکی دەبینن و خۆشی خۆیان لە ناخۆشی خەڵك دەبیننەوە، هەروەها مامۆسـتا روونیشی کردەوە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا تاوانبار زۆرە بـەڵام زۆر کەم روودەدات گوێمان لەتاوانێکی لەو جۆرە بێت ئەمەش نیشـانەی ئەوەیە ڕێزوخۆشەویستی خوا لەدڵی نییە بۆیە بەو جۆرە ئەشـکەنجەی بەندەیەکی خوا دەدات یان ترسی یاساو ترسـی ئابڕوچوونی نەبێت هەمووشتێك دەکات بۆیەدەڵێن ئەگەرمرۆڤ لەمرۆڤایەتی ولەباوەڕویاساشـۆراوە

**د. بەشیر حەداد:**
**پێویستە بکوژانی ئەیوب هەمان ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ و لە شوێنێکی گشتی لە سێدارە بدرێن چونکە ئەو جۆرە سزایە زەجر و ڕەدعە لە یەک کاتدا**

**توێژەرێکی دەروونی:**
**زۆرێک لە خێزانەکان پێویستیان بە هۆشیارکردنەوە و ڕێگەنیشاندان هەیە**




د. بەشیر حەداد

ئەوکات نــەك تەنها دڕندە بەڵكە دڕنــدە زۆر دڕندەتردەبێت، بەڵام لێرەداپێویستە لەســەر كۆمەڵگا كە ئەم تاوانە هەرگیز قبوڵ نــەكات و ڕەفزی ئەم جۆرەكردەوانــە بكاتەوە هەروەها لەسەر دەســەڵاتیش پێویستە زۆر بەتووندی و ڕاستەوخۆ سزا لەودووتاوانبارە وەربگیریت و كاربكرێت بۆئەوەی لەناوكۆمەڵگا تاوانی لەو جۆرە ڕوونەداتەوە

بۆیە (پێش دووبارەبوونەوەو ســێ بارەبوونەوەی پێویســتە لەسەرهەمووئاستەكان سیاســی، ئابووری، قەزایی، ئاینی، دەروونــی، كۆمەڵایەتی) دەســت بكەین بەهەنگاوی نوێ و گوتی بە ڕێنماییە ئاینییەكان بدرێ و مامۆستایانی مزگەوت زۆرگرنگی بە شــتی لەم جۆرەبدەن لەڕووی ئاینیشەوە وەك خەڵك داوا دەكەن لەســێدارە بدرێن ئەمە تەواوترین ســزایە بۆ ئەوان لەبەر ئەوەی ئەوان بوونەتە هۆی كوشــتنی ئەو منداڵە پێویســتە هەردووكیان بكوژرێنەوە، نەك هەرئەو دووانە بەڵكو ئەگەر (١٠٠) كەسیش بەشدار بن لە كوشتنی ئەیوب پێویست بوو هەر (١٠٠) تیان بكوژرانایە، چونكە خوێنی ئەیوب ئەوندە بە قیمەتە لەلای ئیسلام بەشێوەیەكی گشتی مرۆڤ هەرچی بێت مرۆڤە،بۆیە ئیسلام وا دەڵێت ئەگەر دەركەوەت بە ئیسپات یان خۆیان دانیان بەوە دانا كە خۆیان كوشــتوویانە پێویســتە هەردووكیان بە هەمان شــێوە بكوژرێنەوە چونكە لە ئیسلامدا گووتراوە هەرچی لێكراوە دەبێــت وای لێبكرێتەوە، بۆیە من دەڵێم ئەوانە چەند ڕۆژێك بەهەمان شێوە لەبەر باران و سەرما لە ســەربان ڕابگیرێن ڕەق بكرێنەوە بێ خواردن ئینجا لێشیان بدرێت و جگەرەش بە لەشیانەوە بكوژێنرێتەوە چ ڕەفتارێكیان لەگەڵ ئەو كــوڕە كردووە بەو جــۆرەش ڕەفتار لەگەڵ ئەو دووانە بكرێت ئینجا لە پاشــان لە سێدارە بدرێن لە شوێنێكی گشتی لە ناو شاردا خەڵك هەموو بێنە سەیركردنیان ئەو كات خەڵك دەزانێ تۆڵە سەندنەوە هەیە، لەوانەیە ئەگەر لە سێدارە بدرێن بەشــێوەیەكی نەهێنی هیچ ســوودێكی نەبێ، تاوانی ئەو باوكــە ئەوەیە كە ئەگەر ژنی دووەمی هێنا بۆچی ژنی یەكەم بەڕێ دەكات، ئەگەر ژنی یەكەمی بەڕێ كرد بۆچی منداڵەكانی نەدەدا ڕێی بەخێویان بكات منداڵی چوار ســاڵە زۆر پێویســتی بە دایكی هەیە، پێم وایە مادەیەكی یاسایی هەیە كە دەڵێت منداڵ تا گەورە دەبێت پێویســتی بە دایكی هەیە چونكە دایكی داینــگای دەبێت، نازانم بۆچی دادگا دەوری خۆی نەبینیوە یاخود بۆچی ئەو دایكە سكاڵای خۆی تۆمار نەكردووە؟ لە كۆتاییدا مامۆســتا جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كەوا لەڕووی ئاینییەیەوە پێویســتە ئەوانە سزا بدرێن بەهەمان ئەو سزایەی ئەوان بەو منداڵەیان داوە، ڕاستە ئەگەر بەئاشــكرا لە ســێدرە بدرێن هەندێك ڕێكخراوی نێو دەوڵەتی و مافــی مرۆڤ قبوڵی نەكەن، بــەڵام خوای گەورە دەڵێت تاوانبار كاتێك ســزا دەدرێت لەشــوێنێكی وا بێت خەڵك كۆ بكرێتەوە تا خەڵك بیبینێت، چونكە ئەم سزادانە هەم زەجرە هەم ڕەدعە كەواتە هەم تۆڵە سەندنەوەی ئەیوبە لەو دووكەسە هەم بۆ ئەوەیە كە خەڵك چاوی پێ بترسێت و ببێتە پەند.

هەروەهابــە بۆچوونــی (ئومێد كەریم ڕەشــید) توێژەری





●●●
**ئازاردانی دەروونی منداڵ زۆر بە زەبر و كاریگەرترە لە ئازاردانی جەستەیی**
●●●




د. ڕێدار

دەروونی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەوەزارەتی کار، پێناچێ کوشتنی ئەیوب لەناو کۆمەڵگا گۆڕانکاری زۆری دروست کردبێ کە کاریگەری کردبێتە سەر دەیان و سەدان و هەزاران خێزان، پێشی وایە ئەو خەڵکە تووشی سەدمەیەك ببووبێت لەوانەشە وایکردبێت گەڕانەوەیەکیان لا دروست بووبێ وایان لێهاتبێت چاوێك بەو مامەڵانەی خۆیان دا بخشێننەوە کە پێشتر لەگەڵ منداڵەکانی خۆیان کردبێتیان، ئومێد لە نزیکەوە خێزان دەناسێت وەك دەڵێت باوك و دایکی وا هەیە هەبووە مەرج نییە لە منداڵەکەیان دابێت بەڵکو بەشێوەیەکی تر مامەڵەیان لەگەڵ کردوونە، بۆ نموونە خۆیان لێتووڕە کردوونە یاخود لەلایەنی دەروونی ئازاریان داون، بەبۆچونی من کۆمەڵێك خەڵك تووشی هەڵوەستەیەك بوونە بەرامبەر بەو مامەڵەیەی کە لەگەڵ منداڵەکانیان کردووەلە دەرئەنجامی ئەو کارەی بەسەر ئەو منداڵەداهات، لە هەمان کاتیشدا ناڵێم ئەو کارە دووبارە نابێتەوە ناڵێم ئەو خەڵکەی خۆمان بە شێوەیەکی گشتی لەو ئاستەدان کە مامەڵەیەکی ڕێك و پێك لەگەڵ منداڵدا دەکەن، بەڵکو لەوانەیە زۆرەها خێزان هەیە تا ئێستاش لە ئاستێکی وادان پێویستیان بە ڕێنمایی و ڕۆشەنبیرکردن وئاشاناکردن بە مافەکانی منداڵ و هەندێك زانیاری بە گەشەکردنی منداڵ و لەسەر سزادانی منداڵ و ئازارە دەروونیەکانی منداڵ هەیە، خەڵك پێویستی بە هۆشیارکردنەوە هەیە لەو بوارە، هەروەها گوتیشی ئەو ئازارەی کە بە جەستەی ئەو منداڵە دەگات چەند پێی تێك دەچیت ئازارە دەروونیەکەش دە ئەوەندە کاریگەری هەیە ئەوندەی ئازارە دەروونیەکە لەسەر کەسایەتی بەجێ دەمێنێت ئەوندە ئازارە جەستەییەکە بە جێ نامێنێت، ئینجا کێشەی دەروونیش لەلای منداڵ ئەگەر بوو بە گرێ بۆی نەکرێتەوە زوو بۆی چارەسەر نەکرێت دەرئەنجامی زۆر خەراپی لێ دروست دەبی، لەوانەیە ئەومنداڵە منداڵێکی ئاسایی نەبێت و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هەڵسو کەوت لەگەڵ دەوروبەری خۆی بکات لەوانەیە هەردەم هەوڵبدات ئەو ڕق و قینەیەی خۆی دەربخات منداڵێکی تۆڵەسێن دەربچێت بەرامبەر بە خەڵك بەتایبەتی ئەوانەی دەستی بەسەریان ناشکێت، من ناڵێم ئەوەی بەسەر ئەیوب هات گۆڕانکاری لەناو خەڵك دروست نەکرد بەڵام ئەو گۆرانکارییە وەکو پێویست نیە خەڵك بەیەکجار پەندی وەرگرتبێت وئیتر دەست لەو کارە هەڵبگری لەوبڕوایەم هەر دەمێنێت پێویستی بەکار کردنی زیاتری لایەنەپەیوەندارەکان هەیە ئەوانیش حکومەت و دەزگاکانی ڕاگەیاندنن، سەبارەت بە سزای باوك و باوەژنی ئەیوبیش ڕەنگە من بۆچونێکم هەبێت بەڵام نامەوێت بۆچوونەکەم سۆزدارانە بێت، چونکە ئەگەر سۆزدارانە بیر بکرێتەوە یەکسەر دەڵێن بیکوژن واباشە شتانەجێبهێڵین بۆ دادگا ولایەنی پەیوەندار بایاسا بتوانێت مافی ئەیوب و دەیانی وەکو ئەیوب وەربگرێت با یاسا سەروەر بێت لەسەر ئەیوب و لەسەر تاوانبارانی ئەیوب و دەیانی وەکو ئەوان، چ مادەیەك دەیانگرێتەوە بەپێ ئەو مادەیە سزایەکی دادپەروەرانە بدرێن.

●●●
**با لێگەڕێین یاسا مافی ئەیوب و کەسانی وەک ئەیوب وەربگرێ**
●●●







# پیرەمێردێک دەستدرێژی دەکاتە سەر ژنی برازاکەی

ئا: گەرمیانی

چەمکـــی خیانەت و ناپاکی بە هەموو مەدلول و مانایەك پیســـترین و قێزەونترین چەمکـــە لە هەموو فەرهەنگ و کەلتوورێکدا کە خیانەت هەمیشە وەك ئەوەیە کە براکەت یان دۆستەکەت کە تۆ متمانەت پێیەتی لە پشتەوەڕا خەنجەری ژەهراویت تێ بسرەوێنێ و خەڵتانی خوێنت بکات.ئەو کەسانەی خوێنی خیانەت بە نێودڵ و دەمار و جەستەیاندا دەسوورێتەوە لە هەر ئان و ساتێکدا لە هەر زەمان و مەکانێکدا بۆیان بڕەخسێ لە پێناو سەرخستنی ئارمانجەکانیان خیانەت و ناپاکی دەنوێنن، بەڵام ئەوەی زیاتر مایەی شەرمەزاری و نەنگییە، کاتێ پیاوێکی سەروڕدێن سپی خیانەتی شەرەف لە کەس و کارەکەی خۆی بکات وەك ئەم رووداوەی بەردەستتان کە چۆن پیاوێکی سەروڕدێن ســـپی خیانەتی جنســـی لە کوڕی براکەی خۆی کردووە و لەگەڵ ژنەکەیدا بە زۆر و بە زەبری هەڕەشە رابیواردووە بێ ئەوەی برازاکەی هەستی پێ بکات، بەڵام دواتر ئەم خیانەتە ئاشکرا دەبێ و ئەم پیاوەش هەر بەدەستی برازاکەی خۆی دەکوژرێت.

## سەرکەوتی تاقانە

سەرکەوت کوڕی پیاوێك بوو بەناوی "عەباس" مام عەباس پیاوێکی زۆر چاك و لە خواترس بوو هەرگیز درۆ و دەلەسە و فرت و فێڵی نەدەزانی، بەڵام سابیری برای تابڵێی پیاوێکی درۆزن و ناحەزبوو، قەت خێری خەڵکی نەدەویست و دانی خێری بە کەسدا نەدەنا، بۆیە هەرگیز لەگەڵ مام عەباس براگەورەیدا دانوویان پێکەوە نەدەکولا و بەردەوام شەڕە جنێو و قسەی ناشیرین رایەڵەی برایەتیانی تێك دابوو، مام عەباس لەبەر ئەوەی پیاوێکی فەقیرۆکەی دڵ ساف بوو خەڵك بە گێل و گەمژە لێی تێدەگەیشتن بۆیە ئەوەی بیناسیبایە ژنی نەدەدایە چونکە دەیانگووت ئەم فەقیر وگێلەپیاوە لە کوێ دەتوانێ ماڵ و ژن بەڕێوەببات، تا ئەوەی خودا دەرگای بەزەیی خۆی لە عەباسی گەورە کوڕکردەوە.. و بێوەژنێکی بووە قیسمەت کە سێساڵ بە تەمەن لە خۆی گەورەتر بوو ئەم بێوەژنە تا بڵێی بێ رەحم و بێ ئابڕو بوو بەرامبەر عەباس، مێردی یەکەمیشی هەر لەسەر دەمەوەری و زۆر بڵێی سێ بەردەی تەڵاقی خستبوو نێو مستی.

ئەوە بوو ئەم بێوەژنە کە ناوی (زەینەب) بوو دوایساڵێك لە زەواجکردنی بە عەباس منداڵێکی کوڕی بوو، ناویان لێنا سەرکەوت.

## مردنی عەباس

هێشتا سەرکەوت تەمەنی نەگەیشتبووە شەش ساڵان عەباسی باوکی بە هۆی نەخۆشییەوە مرد ئیتر لەدوای مردنی باوکی "زەینەب"ی دایکیشی ئەوەندە بێ وەفا بوو دانەنیشتە دیار کوڕە شەش ساڵانەکەیەوە بەڵکو دوای شەش مانگ مێردێکی تری کردەوە، و سەرکەوتی بەبێ کەس بەجێ هێشت کە هیچ داڵدە و پەناگایەکی تر نەبوو جگە لە ماڵی سابیری مامی، ئەوە بوو ئەم کوڕە هەتیوە بێ دایك و باوکە لە ماڵی مامیدا دەستی بە ژیان کرد سابیری مامیشی سەرباری ئەوەی خۆی پیاوێکی دەوڵەمەند و دەسترۆ بوو کە هیچ پێویستی بە پارەی ئەم و ئەو نەبوو، بەڵام ئەوەندە بێ ویژدان و کەم ئینساف بوو لە بری ئەوەی سەرکەوت بنێرێتە بەر خوێندن تاکو دوا رۆژێکی هەبێت کەچی هەر لە سەرەتاوە بیری لەوە کردبووە کە ئەم منداڵە گەر بچێتە بەر خوێندن کەسێکی دەست و پێ سپی لێ دەردەچێت و ناتوانێ عانەیەك پەیدا بکات و دەبێتە بار بەسەریانەوە و دەبێت پارەی لێ خەرج بکەن بۆیە ئەو سابیرە بێ ویژدانەی مامی سەرکەوت هەر لەبەلاش دوا رۆژی ئەو کوڕەی فەوتاند.. ئەوە بوو هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە پانزە ساڵان سابیر هەموو جۆرە کارێکی پێی دەکرد و کردبوویە خزمەتکاری ئەو ماڵە "زاهیدەی" ژنی سابیر کە مامۆژنی سەرکەوت بوو زۆر دڵی بەو کوڕە دەسووتا و دەیگووت سابیر گوناهە ئەو هەموو کارە بەو منداڵە دەکەیت... ئاخر ئەویش بەشەرە سەیرە تۆ بزانە سێ مانگ جارێکیش دەستەجلێکی جوانی بۆ دەکڕی؟.. ئەم هەموو پارەیەت بۆ چییە و بۆ کێ هەڵیدەگری خۆ ئێمە ئەوە ٨ ساڵە زەواجمان کردووە و منداڵمان نابێت و وەجاغیشمان کوێرە، بۆچی ئەوەندە کار بەو منداڵە دەکەی سوێند بە خوا من وەکو منداڵی خۆم سەیری دەکەم ئەی بۆچی تۆ ئەوەندە دڵڕەقی بەرامبەری؟!

سابیری دڵڕەقیش کە گوێی لەم قسانە دەبوو تەواو توڕە دەبوو دەیگوت دەمت داخە و ئەوەندە چەنە چەن مەکە، و کوڕەکە مەکە کەڵەگا سەر سەرمان قابیلە چۆن منداڵمان نابێت... سەیر مەکە زاهیدە تۆ خۆت نەزۆکی و منداڵت نابێ، بەڵام لەوانەیە سبەی رۆژێ ژنێکی تر بێهێنم، دەرزەنێ منداڵم بۆ بخاتەوە ... لەو کاتەدا زاهیدە کە گوێی لەو ئیهانەیەی پیاوەکەی دەبوو زۆر هەڵدەچوو لە داخان دەیگوت پیاوێکی قرچۆکی وەکو تۆ ئەوەی رۆژێ ناوبانگتی بیستبێ ئامادە نییە مێردت پێ بکات، تۆ بە گوێرەی پشکنینی هەموو دکتۆرەکان نەزۆکییەکە لە خۆتە گەر هەزار ژنی تریش بهێنی هەر منداڵت نابێ شووکری خوابکە کە من رازیم لەلات دانیشم ئەگینا چ ژنێکی تر ئامادەیە ئەو ژیانە تاڵەت لەگەڵدا بەسەر بەرێت، سابیر ئەم قسانەی ژنەکەی زۆر کاریگەری لەسەر هەبوو، بۆیە رۆژێکیان بڕیاریدا بچێتە لای دکتۆرێکی زۆر باش تاکو دڵنیابێ لە قسەی دکتۆرەکانی تر کە ئایا بەڕاستی نەزۆکە یان نا، ئەوە بوو کە سەردانی ئە دکتۆرەی کرد، دوای پشکنین پێی راگەیاند کە پیاوێکی نەزۆکە و قەت منداڵی نابێت، بەڵام گەر بچێتە دەرەوەی وڵات ئەگەرێکی لاواز هەیە، کە چارەسەر بکرێت، بەڵام سابیر کە هاتەوە ماڵ بە هیچ شێوەیەك لای زاهیدەی ژنی دانی بەو راستییە دانەنا کە دکتۆرەکە پێی راگەیاند بوو بەڵکو هەمیشە دەیگوت و دووبارەی دەکردەوە کە ژنێکی تر دێنێ ساڵان هاتن و رۆیشتن سەرکەوت تەمەنی گەیشتە نۆزدە ساڵان و ئیتر بە تەواوی خۆی ناسی سابیر و زاهیدەی ژنی لەسەر منداڵنەبوون نێوانیان بە تەواوی تێکچوو، ئەوە بوو زاهیدەی تەمەن چل وسێ ساڵ داوای تەڵاق و جیابوونەوەی لە سابیر کرد، کە ئەو دەم سابیر تەمەنی پەنجاویەك ساڵ بوو، سابیری بەدنمەك و بێوەفاش چونکە پارەی هەبوو چاوی سوور ببوو لە خوای دەویست کە زاهیدە تەڵاق بدات و ژنێکی تر بهێنێ، ئەوەبوو سابیر داواکەی زاهیدەی پەسەند کرد و سێ بەسێ تەڵاقی دا.

## سەرکەوت چۆن ژنی هێنا؟

دوای ئەوەی سابیر زاهیدەی ژنی خۆی لەوتەمەندا تەڵاقدا هەموو خەڵك نەفرینی سابیریان دەکرد کە چەند پیرێکی ئاخر شەڕە و لەو تەمەنەدا ژنەکەی خۆی تەڵاقداوە بۆیە زۆر بە چاوێکی سووکەوە سەیریان دەکرد، رۆژان هاتن و رۆیشتن سابیر داخوازی چەند ژنی کرد کەس ئامادە نەبوو کچی خۆی بکاتە پەند و بیداتە ئەو پیرە پیاوە دڵڕەق و بێ ویژدانە تا ئەوەی لە کۆتاییدا ماڵێك ئامادەبوون بە پارەیەکی زۆر ژنێکی پێبدەن ئەو ژنەش گەورەکچێکی تەمەن ٣٨ ساڵان بوو دوو نەخۆشی تر سناکی هەبوو، یەکێکیان نەخۆشی سەرع بوو ئەوەی تریشیان نەخۆشی دەروونی بوو، گەر ئەم ژنە هەر کاتێك خەمێك یان خەفەتێکی هەبووایە.. ئیتر وەکو شێت هاواری دەکرد و هەرچی لەو ناوەدا بووایە دەیشکاند و دەیڕژاند... بەڵام ماڵی باوکی ئەم ژنە ئەوانەیان بە سابیر نەگووتبوو بەڵکو کڵاویان لەسەر ناو ئەو ژنەیان بە پارەیەکی باش دایە سابیر ئەوەبوو سابیر دوای سێ مانگ لە ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم ژنەدا بە تەواوەتی وەرس و بێزاربوو، چونکە ئەو ماڵەی تێك و لێك دابوو تا ئەوەی جارێکیان شەدەیەك پارەی سابیری کە"دوو هەزار دیناری چاپی سویسری" دەبوو هەمووی شەت و پەت کردبوو، بۆیە ناچار سابیر ئەم ژنە شێتەی رەوانەی ماڵی باوکی کردەوە سێ بەسێ ئەمیشی تەڵاقدا... ئیتر دوای ئەمە کە زانی کەسی تر ژنی ناداتێ وازی لە بیرۆکەی ژنهێنان هێنا و ئەمجارەیان لەسەرکەوتی داماو ئاڵا کە

**پارە کۆکردنەوە و ڕێزنەگرتن لە ژیانی هاوسەری لەگەڵ درۆکردن، هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی (سابیر) لە دوو زەواجدا فەشەل بێنێ و بە تەنیا بمێنێتەوە، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک داچەپاندن و گرێی دەروونی بێ و دەرئەنجامەکەشی ئەو خیانەتەی لێبکەوێتەوە کە لە برازاکەی خۆی کردی**

چۆن دەبێت هەر ئاوا بێ ژن بێت، تا ئەوەی رۆژێکیان بەسەرکەوت دەڵێت کورم... من مامی تۆم و لەجێی باوکتم وا خۆت دەزانی لەم ماڵەدا ئافرەتێك نییە تەنانەت قاپ و قاچاخێکیشمان بۆ بشوات، بۆیـــە پڕ بەدڵ حەز دەکەم تۆش ژنێك بهێنی.. منیش بەو پەڕی توانامـــەوە لە رووی پارە و ماڵەوە هاوکاریت دەکەم، من کێم هەیە لەم ماڵەدا ئەم خانووە هەر دەبێتە هی هەردووکتان بۆیە پێم باشـــە ئەو کچەی ماڵی حاجی"قادر" بهێنی کە تابڵێی کچێکی جوان و باڵابەرز و رێك و پێکە، ســـەرکەوتی داماویش نازانێ لەبن بەرەدا چ باسە و لەو دیوی پەردەوە سابیری مامی چ ناپاکییەکی لەدڵدا حەشـــارداوە، بۆیە وا دەزانێ ئەمجارەیان مامی زۆر دڵســـۆزێتی و بەڕاســـتی دەیەوێ ژنـــی بۆ بهێنێ بۆیە دەڵێـــت مامە گیان دەســـتەکانت ماچ دەکەم و قەتیش لە چاکە و پیاوەتی تۆ دەرناچم ئەگەر تۆ ئەو ژنەم بۆ بهێنی منیش تاهەتایە دەتخەمە سەرسەرم و لەگەڵ ئێمەدا بژی، بەتایبەتی من کە رۆژتا ئێوارە دەچمە دەرەوە بۆ کارکردن تۆ لەماڵەوە چاوت لێی دەبێت وژنەکەم تەنیا نابێت.

ئـــا بەم شـــێوەیە خودا کردی ئـــەو کچەی حاجـــی قادر کە ناوی"شـــەیما" بوو درایە سەرکەوت، ئەم ژنە واتە"شەیما" تا بڵێی ئافرەتێکی لەسەرخۆ و بەرەوشت بوو لە جوانیشدا زۆرکەم وێنەبوو.. رۆژان هاتن و رۆیشتن، سەرکەوت هەر لە سەر کاکردن بەردەوام بوو لە ســـبەینێوە تا ئێوارەی هەموو رۆژێك جگە لە رۆژانی هەینی لەماڵدا نەبوو، کە سەرکەوت دەچووە سەرکار تەنیا سابیری مامی و"شەیما" خانی ژنی بەتەنیا لەماڵ دەمانەوە.

## خیانەت.. و مەرگ

ســـابیری ناپـــاك هەمیشـــە ئەوکاتانەی ســـەرکەوت لە ماڵ دەرچووبایـــە ئەو چاوی پڕ لـــە خیانەتی بەدوای شـــەیماوەبوو شـــەیماش تەواو هەستی بەو نیازە پیسەی ســـابیر کردبوو بەڵام نەیدەوێرا بۆ ســـەرکەوتی مێردی بگێڕێتەوە، تا ئەوەی رۆژێکیان دەمەوچێشـــتەنگاوێکی درەنگ بوو، ســـەرکەوت لـــە کارکردن بوو"شـــەیماش" دەچێتە گەرماوەکەوە تاکو خۆی بشـــوات کەچی ســـابیری ناپاك لە پڕێکدا دەرگای گەرماوەکە"حەمام" دەکاتەوە کە دەبینێ شـــەیما هیچ جۆرە جلـــك و بەرگێکی لەبەردانییە بە تەواوەتی شـــێتی دەبێت و دەچێتە ژوور بۆ گیانی ئا لەو ساتەدا کە شـــەیما دەیەوێ بقیژێنێ سابیر دەرگای حەمامەکە لە دیوی ناوەوە دادەخات و پێی دەڵێت: شـــەیما چیت دەوێ لە ماڵەکەم لە زێڕ و زیو وپارە دەتدەمێ بەس لای ســـەرکەوت قســـە مەکە، من زۆر شەیداتم و هەر لەو رۆژەوەی تۆم بۆ سەرکەوت هێناوە تەماحم لێتە بەڵام شەیما تفێك دەکاتە ناوچاوی و دەڵێت لەعنەت لەخۆت و سەروریشە ســـپیەکەت قەت داناوەشێی و شەرم ناکەی سەدجار بمری بەس داوای ئەو شـــتە لەمن نەکـــەی، ئاخر چۆن و بە چ ویژدانێك دەتەوێ خیانەت لەبرازاکەی خۆت بکەی بەڵام ســـابیر تازە شەیتان لە کەلەی دابوو، دەبوایە غەریزەکانی خۆ بە شەیمای ناســـك و نازدار دابمرکێنێتـــەوە، ئەوە بوو ئەمجارەیان ســـابیر بە هەڕەشەوە بە شەیمای گوت گەر بێت و ئەو کارەم لەگەڵ نەکەی هەر ئێستا خۆم دەگەیەنمە سەرکەوت و تۆمەتێکت بۆ هەڵدەبەستم ئەوە بوو کە شـــەیما ئەم قســـەیەی بیست ئیتر بەناچاری چۆکی بۆ داواشـــەیتانیەکانی سابیردادا و گەورەترین کاری داوێن پێیسی لەگەڵ سابیری پیرە پیاودا ئەنجامدا، بەڵام دوای ئەنجامدانی ئەم کارە قێزەون و ناشـــەرعییە شەیمای دڵپاك و بەڕەوشت هەمیشە لە ئازاری ویژداندا دەژیا و خەفەتی دەخوارد، بە چەشنێك سەرکەوتی مێردی زۆر هەســـتی بەو خەمۆکی و بێزارییەی شـــەیمای ژنی کردبوو، بۆیە زۆر کەڕەت لێی دەپرســـی ژنەکەم بۆچی غەمبار و دڵتەنگی؟ چی ئەزیەتی داوی؟ بۆچی قەت ناتبینم ئەم ماوەیە پێبکەنی؟ بەڵام شەیما دەیگوت سەرکەوت گیان هیچ نەبوو و هەر خۆم کەمێك نارەحەت و دڵتەنگم، بەڵام سەرکەوت باش دەیزانی کە شـــتێك هەیە و، شەیما لێی دەشارێتەوە... چەند هەفتەیەك بەسەر ئەو ناپاکییەی سابیردا تێپەڕی، بەڵام سابیر هێشتا وازی لەو ژنە بەســـتەزمان نەدەهێنا بەڵکو یەك دووجاری تریش لەکاتی لەماڵ نەبوونی ســـەرکەوت بەهەڕەشە بە زۆر سەرجێی لەگەڵ شەیمادا کرد، تائەوەی رۆژێکیان سەرکەوت هەر بۆ تاقیکردنەوەی پیلانی ئەوەی دارشـــت کە دوای ئەوەی لەماڵ دەردەچێ بۆ کارکردن و لە شەیما و مامی وابێ سەرکەوت لەسەرکارە، بەڵام سەرکەوت لە دیواری پشتەوە"حەوشـــە خاریجیەکەدا" دێتەوە سەربان و چاودێری مامی و شەیمای ژنی دەکات، زۆری پێ نەچوو دەنگی گارەگار و شـــەڕە قسە بەرز دەبێتەوە سەرکەوت گوێی لە دەنگی شەیمای ژنی دەبێت کە هاوار دەکات بەسەر سابیردا، هەی پیرە پیاو بۆ لە خواناترســـی بۆ واز لە ژیانی من و برازاکەت ناهێنی، ئەوە چەند جارە بە ناشەرعی کاری خراپم لەگەڵ دەکەی تێرت نەخوارد؟ بڕۆ ئەمجارە لەوە زیاتر فشارم بخەیتە سەر خۆم دەسووتێنم ئاخر سبەی رۆژێ من چۆن وەڵامی خوا و هاوسەرەکەم بدەمەوە، سابیری بێ ویژدان بۆم یەکلایی بکەوە من ژنی ســـەرکەوتم یان هی تۆ ئاخر چۆن خوا ئەمە قەبووڵ دەکات ئا لەو ســـاتەدا ســـەرکەوت خوێن لە جەســـتەیدا دەکوڵێ و بەهەر دوو دەست لەسەری خۆی دەدا و لە حەژمەتی ئەو ناپاکییەی مامیدا وەك منداڵ دەســـت بەگریان دەکات و خێرا لەسەربانەوە دێتە خوارەوە و رادەکات بۆ چێشتخانەکە و چەقۆیـــەك دێنێ و بەرچـــاوی تاریك دەبێت، و لەیەك کاتدا دە چەقۆ لە سابیری مامی دەدا و لەوێدا لە ناو خوێنیدا دەیگەوزێنێ دوای ئەم رووداوە ســـەرکەوت خۆی بەدەستی پۆلیسەوە دەدات و تەرمی سابیریش دەبرێتە پزیشکی دادوەری.

ســـەرکەوت کە بەمادەی٤٠٦ واتە قەتڵ و کوشـــتن دادگای دەکرێـــت، لەناو هۆڵی دادگادا پـــڕ بەدەنگی خۆی هاوار دەکات جەنابی دادوەر من پیاوکوژ نیم بەڵکو من تەنیا ئاژەڵێکم کوشتووە کە بە دڕندەترین شێوە دەستدرێژی نامووسی کردۆتە سەر ژنەکەم یەعنی ژنی برازاکەی کە وەکو کچی خۆی وایە، وەڵاهی جەنابی حاکـــم مردن بۆ ئەو کـــەم بوو من رووی دەمـــم دەکەمە بەڕێزان داواکاری گشتی، پارێزەرەکان، جەنابی دادوەر خۆت، لێتان دەپرسم ئەگەر مامی هەر یەکێك لە ئێوە دەستدرێژی بکاتە سەر ژنەکانتان لەو کاتەدا چ هەڵوێستێکتان دەبێت، ئایە لەمن خراپتر بەسەر داوێن پیســـدا ناهێنن؟ کەوابێ ئازادم کە من ئاژەڵێکم کوشـــتووە هەی نەفرەت لە گۆڕەکەی... ئەو تەنانەت گوناهە لە نێو گۆڕستانی مرۆڤەکانیشدا نێژراوە.

کەوابێ من ئێســـتا بۆچی دەستبەسەرم کە حەیوانێکی دڕندەم لە کۆڵی کۆمەڵگاکردۆتەوە، ئا بەم قسانە تەواوی دانیشتوانی نێو هۆڵی دادگا دەستیان بە گریان کرد، بۆ جەنابی دادوەریش بەلەبەر چاوگرتنی ئەو واقیعەی کە سەرکەوت تیای بووە سزای"سەرکەوت عەباس عەبدوڵڵا" بە تەواوی ســـووك کردو و بەســـاڵێك زیندانی کردن حوکمیدا.. ئەوە بوو دوای ئەوەی ســـەرکەوت ئەو ساڵەی لە زینداندا بردە سەر پاشان گەڕایەوە لای شەیمای ژنی سەر لە نوێ ژیانێکی تازەیان دەست پێکردەوە.